


# لەناو جەرگەی کارەساتیش، کۆمیدیا بەرهەم دێ

زەردەشت خورشید



جگە لە بینینی ڕووداوێکی کۆمیدی، منداڵ بە ختووکەدانیش دەکەوێتە پێکەنین، بەڵام لەگەڵ گەورەبوون، مرۆڤبۆ ئەوەی بکەوێتە پێکەنین، بژاردەی ختووکەدانی نامێنێ، بۆیە ناچار بۆ دروستکردنی نوکتە، پشت بە زمان دەبەستێ.

توانایی مرۆڤ بۆ دروستکردنی نوکتە، جیاوازە لە بەهرەی گێڕانەوەکەی بۆ ئەوەی کەسێک بخاتە پێکەنین، بۆیە ئەوانەی نوکتە دروست دەکەن، یان دەینووسن پێویستیان بە توانابییەکی زۆری زمانەوانی و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی هەیە. هەرچی گێڕانەوە، یان نمایشکردنی نوکتەیە، دەکەوێتە سەر بەهرەی کەسەکە. لە ئەدەبیاتی کوردیدا جگە لە (ڕشتەی مرواری) م. عەلائەددین سەجادی کە زیاتر بە نووسینەوەی ئەدەبیاتی زارەکی هەژمار دەکرێ، هیچ ئەدەبیاتێکی نووسراوی کۆمیدی وامان نییە کە جێی شانازی بێت وەکوو (گێلەپیاو)ی عەزیز نەسین، یان هونەری کۆمیدی (ستاند ئەپ)ی ئینگلیزی. وەنەبێ زمانی کوردی توانایی بەرهەمهێنانی کۆمیدیای نەبێ، بەڵکوو کێشەی گرنگی نەدان بە ئەدەبیات و هونەری کۆمیدیایە لەلای کورد، ئەوەش پێوەندی بە نووسەرانەوە هەیە.

مەیدانی کۆمیدیا بە شێوەیەک چۆڵ کراوە، ڕێگەی بۆ هەندێ کەس خۆش کردووە کە بە شێوەیەکی زۆر کرچوکاڵ کۆمیدیا بەرهەم بێنن، دیارە لێرە مەبەستم ئەو ئەکتەرانە نییە کە لە بواری کۆمیدیا ئیشیان کردووە و هەندێکیان زۆر سەرکەوتووبوون، بەڵکوو ئەو کەسانەن کە لە سۆشیەل میدیاکان بە ناوی کۆمیدیا، زمانی کوردیشیان ناشیرین کردووە، یان کەسانێکی (بەخشراو) لەو بوارەدا بەکاردەهێنن.

لەوانەیە کەسانێک بڵێن گوایە لەبەر ئەوەی گەلی کورد هەمیشە لەناو کێشە و مەینەتیدا بووە، بۆیە حەوسەڵەی کۆمیدیای کەمە، بێگومان (ڕشتەی مرواری) و ئەو نوکتانەی کە لە کۆندا لە دیوەخانەکان دەماودەمی پێ کراوە، گەواهیدەری ئەوەن کە لەناو جەرگەی کارەساتەکانیش دەکرێ کۆمیدیا بەرهەم بهێنرێت.